ژمارە:120

بەروار:2023/1/29

**سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران ئاراستە دەکات بە بەدواداچونەوەکردنی مەیدانی ئۆفیسەکانی هەلبژاردنەکان .**

**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەدواداچونەوەی ڕێژەی تۆمارکردنی بایۆمەتری دەکات.**

**کۆبوونەوەیەك ئەنجامدەدرێت بە سەرۆکایەتی سەرۆکی بەرێوەبردنی هەلَبژاردنەکان و لیژنەی نێردراوی (یونانی) ودەزگای (ئایفس).**

**سەرۆکی بەرێوەبردنی هەلَبژاردنەکان بەردەوام دەبێت بە بەدواداچونەوەی کاری مەیدانی .**

**کۆمیسیۆنی هەلَبژاردنەکان ... لەدایکبووی 2005 لە سەر لیستی تۆمارکردن ی بایۆمەتری دادەنات.**

**کۆمیسیۆنی هەلَبژاردنەکان کاردەکات لە سەر سڕینەوەی کۆچکراوەکان لە تۆمارنامەی هەلَبژاردنەکان.**

وتەی هەفتانە:-

سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلَبژاردنەکان کۆبوونەوەی ئاسایی سێهەمی ئەنجامدا لە رۆژی یەك شەممی 2023/1/22 ، بۆ گفتوگۆکردنی کۆمەلَێك لە بابەت کەوا لە خشتەی کارەکان دانراوە، وگرنگترینیان پەسندکردنی ڕاپۆرتی وەرزی چوارهەم تایبەت بە چالاکی وکارە هونەریەکانی کارگێڕی و یاسایی ئەنجامدراوە بۆ کۆمیسیۆن لە ماوەی (1 تشرینی یەکەم تاوەکو 31 کانونی یەکەم 2022) ، بە پێی مادەی(10) لە یاسای کۆمیسیۆن بۆ ئاشناکردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بۆ ڕێکارەکانی کاری کۆمیسیۆن ، چونکە ئەوان خاوەن دەسەلَاتی چاودێرین.

لە بارەی بەدواداچونەوەی کارەکان ، بە فەرمانێکی وەزاریی لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیارانەوە دادوەر جلیل عدنان خلف لیژنەیەکی پێك هێنراوە لە ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران ، وسەرۆکی بەرێوەبردنی هەلَبژاردنەکان ، وبەرێوەبەرە گشتیەکان ، وبەرێوەبەرەکانی بەشە تایبەتەکان ، بۆ سەردانی کردنی ئۆفیسی هەلَبژاردنی پارێزگاکان بە شێوەیەکی مەیدانی ، بەمەبەستی بەدواداچونەوەی کارەکانی وهەلَسەنگاندنی لە رووی هونەری وکارگێڕیەوە ، وخستنەرووی چۆنێتی پابەندبوونیان بە ئاراستەکان ورێنماییە دەرکراوەکان لە لایەن ئۆفیسی نیشتیمانیەوە ، وێڕای بەدواداچونەوەی ڕێژەی ئەنجامەکان لە هەردوو پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنی کارتی دەنگدەران .

لە باریەکی پەیوەندیدارەوە ، سەرۆکی بەرێوەبردنی هەلَبژاردنەکان دادوەر عباس الفتلاوی بەدواداچونەوەی مەیدانی ئەنجامدا لە گەلَ ئۆفیسی پارێزگاکانی هەلَبژاردنەکان لە بەغداد/کەرخ ، ونەجەف ، وقادسیە ، هەروەها ناوەندی چاکسازی ئامێرەکانی دەنگدان ، وکۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا لە گەلَ بەرێوەبەران وبەرپرسەکانی هۆبەکان ، بە ئامادەبوونی بەرێوەبەری فەرمانگای ئیداری ودارایی ، بۆ گفتوگۆکردنی پلانەکان وبابەتەکانی کاری ئەم سالَە ، لە گەلَ ئامادەکردنی هەموو پێداویستیە لۆجستیەکانی پێویست .

هەروەها لە بەدواداچونەوەیەکی بەردەوام بۆ کاری ناوەندەکانی تۆماری دەنگدەران ، جێگیری سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران دادوەر عومەر ئەحمەد محەمەد کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لە گەلَ بەرێوەبەری ناوەندەکانی تۆمارکردنی بازنەی یەکەم لە پارێزگای ئەنبار بە ئامادەبوونی جێگیری سەرۆکی بەرێوەبردنی هەلَبژاردنەکان بۆ کاروباری کارگێڕی ودارایی علی سالح جعفر ، بۆ وەستان لەسەر ئەنجامەکانیان بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنی کارتی دەنگدەری بایۆمەتری ، وێڕای گفتوکۆکردنی میکانزمی رێکەتن لە گەلَ سەرۆکیگەرەك وبریکاری فۆرمی خۆراك لە پارێزگاکە ، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ڕێژەی دابەشکردنی کارت وتۆماری بایۆمەتری ، ودلَنیابوونەوەی لە گرنگی بانگشەکردنی ئەو دەنگدەرانەی کەوا کارتی کورتەخایەنیان هەیە بۆ نوێکردنەوەی داتاکانیان بەشێوەیکی بایۆمەتری بۆ مسۆگکردنی مافیان لە هەلَبژاردنەکانی داهاتوو .

هەروەها بۆ مسۆگرکردنی شەفافیەت وبێگەردی هەلَبژاردنەکان ، سەرۆکی بەرێوەبردنی هەلَبژاردنەکان کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لە گەلَ لیژنەی عەمەلیاتی بە ئامادەبوونی جێگیری کاروباری هونەری مهند فازل عباس وئەندامانی لیژنەکە لە کارمەندە هونەریەکانی تایبەت ، هەروەها تیمی یارمەتیدانی هەلَبژاردنەکان (یونامی) وتیمی دەزگای نێودەولَەتی بۆ ڕێکخستنی

هەڵبژاردنەکان (الایفس) ، بۆ گفتوگۆکردنی میکانزم وریکارەکانی چاککردنەوەی داتابەیسەکان کەوا تایبە بە جێبەجێکردنی مادەی (38) دووهەم لە یاسای هەڵبژاردنەکان ژمارە (9) بۆ ساڵی 2020 تایبەت بە بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان ، هەروەها کار دەکات لە سەر ئەم چاکسازیانەی کەوا ئاسان کاری دەکات بۆ میکانزمی مامەڵەکردن لە گەڵ سکاڵا و تانەی هەڵبژاردنەکان .

هەروەها بۆ پاراستنی مافی دەستوری دەنگدەران لە لەدایکبووانی 2005 ، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان هەڵدەستا بە تۆمارکردنی دەنگدەران لە ریگای (1079) ناوەندی تۆمارکردن بڵاوکراوتەوە لە هەموو شارەکانی عێراق ، هەروەها بەردەوامە لە تۆمارکردنی ئەو دەنگدەرانەی کەوا پێشتر تۆماری بایۆمەتریان ئەنجام نەداوە ، لە گەڵ بڵاوکردنەوەی پەیامی روونکردنەوەی تایبەت بە روونکردنەوەی ریکارەکانی کۆمیسیۆن تایبەت بە تۆماری بایۆمەتری وبانگەشەکردنی دەنگدەرە تۆمارکراوەکان پێشتر بۆ وەرگرتنی کارتەکانی دەنگدانیان لە ریگای چەندین ئامەراز وپەیوەندیکردن بە گۆمەڵگاوە ، هەروەها ئامەرازی ڕاگەیاندنی خۆماڵی جۆراوجۆر لە هەموو پارێزگاکان ، هەروەها پرۆژەی تۆماری بایۆمەتری گەیشتوەتە تۆمارکردنی (557.231) ولە نێوانیان لەدایکبووانی 2004 کەوا تۆمارکردنیان گەیشتوەتە (135.909) کە ریژەکەی دەگاتە (68%) هەروەها دابەشکردنی (718.415 ) کەوا ریژەکەی دەگاتە (89%)کارتی بایۆمەتری دابەشکراوە (160.237 ) بۆ دەنگدانی گشتی و(510.204) بۆ دەنگدانی تایبەت لە ئامەرازی ئەمنی وهێزە چەکدارەکان ، بەڵام کارتەکانی ئاوارەکان وراگوێزراوان گەیشتوەتە (47.974) کارت ، لە گەڵ بەردەوامبوونی یەکەی ناوەندی پەیوەندیەکان لە ئۆفیسی نیشتیمانانی بۆ وەڵامدانەوەیان لە سەر پرسیارەکانی دەنگدەران لە ریگای ژمارەی خۆڕایی (5667)، بۆ ئەوانەی کەوا گرنگی دەدەن بە هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی فەرمی کۆمیسیۆن بکەن https://ihec.iq/biometric-registration .

هەروەها کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان هەوڵدەدات بۆ بەهێزکردنی داتاکانی تۆماری دەنگدەران ، لە ریگای ریکەوتنی کار وپەیوەندیکردن لە گەڵ دەزگا حکومیەکان ولە ئەوانە وەزارەتی بازرگانی ، وتەندرووستی، وراگوێزراوان ، هەروەها کۆمیسیۆن داتاکانی ئە کەسانەی کەوا کۆچی دواییان کردوە وەرگرتوە لە وەزارەتی تەندرووستی وکاردەکات لە سەر هاوتاکردنیان لە گەڵ ئەوا داتانەی کەوا لە وەزارەتی بازرگانیەوە هاتووە ، بۆ لابردنیان لە تۆماری دەنگدەران ، وێڕای ریکەوتن لە گەڵ وەزارەتی بەرگری وناوخۆ بە مەبەستی هاندانی کارمەندەکانیان بۆ سەردانی کردنی ناوەندەکانی تۆمارکردن کەوا نزیکە لە شوێنی نیشتەجێبوونیان ، بۆ وەرگرتنی کارتی بایۆمەتریان کەوا لە رۆژی دەنگداندا ڕاکێشراوە ، هەوەها بۆ پێدانی کۆمیسیۆن بە ناوی ئەو کارمەندانەی بەردەوامن لە کارەکانیان وئەوانەی کەوا گۆڕدراون بۆ سەر ملاکی مەدەنی ، بۆ گۆاستنەوەی ناوەکانیان لە تۆمارنامەی تایبەت بۆ تۆمارنامەی گشتی وپێچەوانەیشی ، وێڕای ئەو کارمەندە عەسکەرییانەی کەوا خانەنشین کراون .

هەروەها لە لایەنی بەردەوامبوون لە گەڵ هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ، ئۆفیسی پارێزگای هەڵبژاردنەکان بەردەوامە لە ئەنجامدانی چەند وەرشۆپی راهێنان ونەدوەی رۆشنبیری لە دەزگا وبەرێوبەرایەتیە جۆراوجۆرەکان ، وریکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ، وێڕای بەشداریکردن لە ڕاهێنانی قوتابیەکان بۆ وەرگرتنی مافیان لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی دەبێت بە نوێنەریان ، لە ریگای گفتوگۆکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بە ناوی ( هەڵبژاردنی بەرلەمانی تەلەبە) پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدریێت بە پێی ریکارەکانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە قوتابخانەکانی پارێزگاکان ، هەروەها کۆمیسیۆن هەڵدەستا بە ئامادەکردنی کەلوپەلی لۆجستی وەکو (سندوقی دەنگدان وکابینەکانی دەنگدان) وێڕای بەردەوامبوون بە پرۆژەی (وانەی هەڵبژاردنەکان) لە ریگای ریکەوتن لە گەڵ بەرێوەبردنی قوتابخانەکانی ئامادەییەکان بۆ تایبەتکردنی مەودای دیاری کراوە لە رۆژی خوێندن لە ریگای وانەوتن لە سەر رۆشنبیری هەڵبژاردنەکان ، بەتایبەتی ئەوانەی کەوا دەگەن بە تەمەنی یاسایی بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان .

ووتەبێژی ڕاگەیاندن